سەماحەتی حەکیم لە پەشکەش کردنی خزمەتگوزاری و دابین کردنی هەلی کار پاڵپشتی حکومەت دەکەین



لە ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 2023-2-23 بەڕێز عەمار ئەلحەکیم سەرکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی لە یەکەمین وەستگەی دووەمین ڕۆژی سەردانەکەی بە پارێزگای واسیت چاوی کەوت بە بەڕێز شێخ سوکەر خاتەم ئەلدرەعی شێخی هۆزی درەع، دیدارەکە لە میوانخانەی ئەلعامر خەمیس بوو کە چەندین کەسایەتی دیار و گەورە پیاوەکانی هۆزەکە ئامادەی بوون، لەم چاوپێکەوتنە بەڕێز عەمار حەکیم باسی ئەو وەستگە گرنگ و مەژوویانەی عەراقی کرد کە تێیدا هۆزی ئەلدرەع کاریگەری گەورەی تێدا هەبوو هەروەها پیرۆزبایی لەدایکبوونی ئیمامە پاکەکانی کرد سەماویان لە بەت و دووپاتی کردەوە کە گرنگە بنیاتنانی عەراق بە شێوەیەك بەت کە لە ئاستی ئامانجەکان بەت تا ببێتە سونبلێکی سەرکەوتن لەناوچەکەو هەموو جیهانیش.

سەماحەتی گوتیشی کە عەراق ئێستا هەنگاوی گەورەی ناو بەرەو سەقامگیری و پەشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان و لەهەموو کاتێکیش نزیکترە بەوە بگات کە پێشتر هەوڵی بە دەدا، ئاماژەشی کرد کە ئەوە بەهۆی ئەوەیە کە عەراق توانیویەتی زۆر لە قەیرانە سەخت و هەمەجۆرەکان تێپەڕ بکات.

لەکۆتایی قسەکانیدا سەماحەتی حەکیم داوای کرد بایەخی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵی بدرێت و پشتگیری جوتیاران بکرێت ئەویش لە ڕووی دابین کردنی سیستەمی تازەی ئاوشاندن بە ئەوەی بەرهەم زیاتر بێت و پاڵپشتی خۆشی بە حکومەت دووپات کردەوە و ڕوونیکردەوە کە ئەو پاڵپشتیەی حکومەت بە ئەوەی بەشدار بین تێیدا پێویستە بە ئەوەی چانس و هەلی تەواو بەکومەت بدرێت تا خزمەتگوزاری و باشتر پەشکەش بە هاوڵاتیان بکات و هەلی کاریش دابین بکات، عەراق ئێستا هەلێکی گەورەی لەبەردەمە و زەمینە خۆشکراوە بەهۆی سەقامگیری ئەمنی و بوونی پارەی پێویست و خوێندنەوەی دروست بە بارودۆخی ناوچەکەو ونبوونەوەتی بە پاراستنی سەقامگیری عەراق.